# مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر

**حەمە کاکەڕەش**
**(سوید)**



هەمیشە ڕوومان لە ژیانە و پشتمان لە مردنە
هەمیشە دڵمان لای ژیانە و جار جارێک بە تیلەی چاوێک
وەک نیگاکردن بۆ شۆخە کچێکی دراوسێ لە مردن دەڕوانین
هەمیشە خۆمان بە ئەهلی ژیان دەزانین و
کەچی دوایین دۆستمان مردنە
هەمیشە لە ڕۆژگارە دژوارەکاندا ژوانمان لەگەڵ ژیاندا هەیە و
مردنمان فەرامۆش کردووە
کەچی مردن هەموو ژوانەکانی بۆ ئێمە ڕێک دەخات
مردن تۆ ژیانت باشترە، لەوەی شووشەی ئەو هەموو دڵە بشکێنێ
ژیانت
باشترە، لەوەی ئەو هەموو پشکۆیە سارد کەیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی هەنگاو لە پێ و فڕین لە باڵ و ڕوانین لە چاو بسێنیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی لێوەکان پڕ دەکەیت لە باری غەم
زەردەخەنە پڕ دەکەیت لە گریان و ڕەنگەکان پڕ دەکەیت لە بێ ڕەنگی
دەنگەکان پڕ دەکەیت لە بێ دەنگی
مردن تۆ دڵت بەچی خۆشە
مردنی من چییە؟ لە هەڵوەرینی هەناسەیەک زیاتر
مردنی من چییە؟ ئیدی بۆ هەتا هەتایە هاوسەرەکەم لە وێنەیەکا لە تەنیشتمەوە ناوەستێ
منداڵەکانم هەست بە بۆنی وشەی باوە ناکەن
مردنی من چییە؟ من چیم لە تۆپەڵێک بەفر زیاتر لە چنگە گەرمەکانی تۆیا
من چیم؟ لە بەدبەختێک زیاتر لەسەر گەردانێک زیاتر لە ڕێگاکانی ژیاندا
من چیم؟ لە دڵۆپێک ئاوی سەرگەردان زیاتر لە بیابانەکانی ژیاندا
من چیم؟ لە گەڵایەکی ڕەنگپەڕیو زیاتر لە گێژاوی ڕەشەباکانی ژیاندا
من ناتوانم گوڵەکانی عەشق ئاو دەم
من ناتوانم پەنجەرەکانی ژیان بسڕمەوە تا فڕینی باڵندەکان ببینم.
چۆن لە تەپوتۆزی گەردەلوولەکانی تۆیا ڕێ دەردەکەم
من بەشی گریانەکانی ژیان پێکەنینم پێ نییە
چۆن خامۆشی گۆڕستانەکانم پێ ئاوەدان دەکرێتەوە
مردن پیاوی باش بە
مردنی من چییە؟ لە کەوتنی ناوێک زیاتر لە کالبوونەوەی دەنگێک زیاتر
مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر.